هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٦٥) لە ٢٠٢٠/٧/٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە ماددەی (١٥) لە یاسای چاکسازیی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، و دوابەدوای هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١١) لە ٢٠١٧/٥/٣٠، و بڕیاری ژمارە (٥٠) لە ٢٠٢٠/٥/٥، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٣) لە ٢٠٢٠/٧/٨، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی دەستپێکردنی قۆناخی دووەمی پرۆگرامی بایۆمەتری بە ئاڕاستەی بەرجەستەکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاریی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکومەت و فراوانکردنی پرۆگرامەکە تا بوارەکانی دیکەش بگرێتەوە و ببێتە یارمەتیدەرێکی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی کردارەکی چاکسازی و بە ئەلیکترۆنیکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و هێنانەکایەی شێوازێکی نوێی چالاک بۆ حکومەت و حوکمڕانی دروست.

٢. پشتبەست بە ماددەی (١٥) لە یاسای چاکسازیی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە تیایدا هاتووە نابێت هیچ کەسێك خانەنشین بکرێت یان هەر ئیمتیازاتێکی دیکەی دارایی لەژێر هیچ بیانوو و پاساوێکدا پێ بدرێت ئەگەر پێشتر بەشایستەبوونی خۆی لە تۆمارەکانی  پرۆگرامی بایۆمەتری تۆمار نەکرابێت و مووچەی خانەنشینی بۆ میراتگری یاسایی خەرج ناکرێت تاوەکو تۆمار نەکرێت لە پرۆگرامی بایۆمەتری، بۆیە بڕیار درا بە:

أ) ڕاگرتنی خانەنشینکردن ئەگەر پێشتر کەسەکە لە پرۆگرامی بایۆمەتری تۆمار نەکرابێت و بەرایی نەبێت ئەمەش دوای یەکلاییکردنەوەی ئەوانەی کە تا ئێستا خۆیان تۆمار نەکردووە.

ب) بۆ دەستنیشانکردنی کەسوکاری شایستەی شەهیدانی نوێ، پێویستە لە دوای پشتڕاستکردنەوەی شایستەبوونی یاساییان بەپێی بەڵگەی یاسایی لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان ئەوکات لە پرۆگرامی بایۆمەتری تۆمار بکرێن تاوەکو شایستەی داراییان بۆ خەرج بکرێت.

ج) بەدیجیتاڵکردنی دۆسێی سەرجەم خانەنشینان پشتبەست بە تۆمارەکانی داتای پرۆگرامی بایۆمەتری.

د) بەدیجیتاڵکردنی دۆسێی سەرجەم (کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان) و زیندانی سیاسی و ئەوانەی بەپێی یاسا و پێوەرە بەرکارەکان شایستەی وەرگرتنی مافی داراییانن.

٣. ڕێکخستنەوەی سەرجەم یەکە ژمێریارییەکان لە ڕووی قەبارە و سەرچاوەی مرۆییەوە.

٤. تۆمارکردنی سەرجەم ئەو مووچەخۆرانەی کە تا ئێستا تۆمارنەکراون لە پرۆگرامی بایۆمەتری.

٥. دەبێت وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێکاری یاسایی پێویست وەربگرێت بۆ پێداچوونەوە بە سیستمی (النظام المحاسبي الحكومي اللامركزي) لە یەکە ژمێریارییەکانی سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەیان کە بە بڕیاری کارگێڕی بڕیاریان لەسەر دراوە. بۆ ئەو دامەزراوانەش کە بەپێی یاسا سیستمی ژمێریاریی لامەرکەزییان بۆ دامەزراوە، پێویستە بە ڕەچاوکردنی پرۆسەی هەمووارکردنی یاساکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

٦. ڕاگرتنی دانان و لە جیاتی دانان لە وەزیفەکانی بواری سەربازی. بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆش تەنها بە ڕەزامەندیی نووسراوی وەزیری ناوخۆ ئەنجام دەدرێت.

٧. تۆمارکردنی هاووڵاتییان بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆگرامی بایۆمەتری بەپێی گرنگیی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە چوارچێوەی پرۆژەی خزمەت بەکاریدەهێنن.

٨. بەستنەوەی سەرجەم گەنجینەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە پرۆگرامی بایۆمەتری لە چوارچێوەی داتاسەنتەری سەرەکیی حکومەتی هەرێم، و گەنجینەکان بەرپرسیار دەبن لە ڕاست و دروستی و پشتڕاستکردنەوەی لیستی مووچەخۆران بە گوێرەی پرۆگرامی بایۆمەتری.

٩. بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی پێویستی هەیە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی پرۆگرامی بایۆمەتری.

١٠. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران